هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٠٣) لە ٢٠٢١/٥/٢٦

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی دارایی و ئابووری، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٨) لە ٢٠٢١/٥/٢٦، بڕیاردرا بە:

١. پەسەندکردنی پڕۆژە یاسای (هەمواری یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠) بە ڕەچاوکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی لەسەر دەقی ڕەشنووسەکە پەسەندکرا بە ئاڕاستەی هێنانەکایەی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ ڕێکخستنی کەرتی دڵنیایی لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان و چاودێریکردنی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت لە بواری چالاکییەکانی دڵنیایی لە هەرێم و بەدواداچوونی چالاکییەکانیان و پاراستنی ماف و شایستەی ئەو کەسانەی کە سوود لە خزمەتگوزاریی دڵنیایی وەردەگرن.

٢. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بۆ ئاڕاستەکردنی پڕۆژە یاسای ئاماژەپێدراو لە برگەی (١)ی سەرەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی تەشریعکردنی.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران